Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090214

# هێرمنیوتیکا و زانستە مرۆڤایەتیەکان دەروازەیەك بۆ هێرمنیوتیکای کلاسیك

**ئارام علی فرج**

بەشی کۆمەڵناسی // کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان// زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

پرسی میتۆدی توێژینەوە و سروشتی پەیوەندی نێوان توێژەر و بابەتی توێژینەوەکەی، هەروەها پرسی بابەتی بوون و بێلایەن بوون، لەو پرسە سەرەکیانەن کە لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستە مرۆڤایەتیەکانەوە سەریانهەڵداوە. مشتومڕی بیرمەندە کۆمەڵایەتیەکان دەربارەی زانستی بوونی ئەو کایەیەی خۆ بە دونیای مرۆڤەوە سەرقاڵکردوە، واتە زانستە مرۆڤایەتیەکان، پرسیاری جەوهەری هێنایە پێش دەربارەی توانای ئەم زانستانە لە پەیوەندیدا بە زانستە سروشتیەکانەوە ئەویش لە توانستی زانستی بوون و بابەتی بوون و ڕادەی وردی بەدەستهێنانی ئەنجامگیری و پێشبینی زانستی. لەم نێوەندەدا، هێرمنیوتیکا گەشەی کرد و وەکو بنەمایەکی گرنگ و پتەو چ وەکو دونیابینی یان وەکو دیدگاییکی میتۆدۆلۆجی لە نێو زانستە مرۆڤایەتیەکاندا وەکو پێویستیەکی زانستی خۆی سەپاند. ئیدی لێرەوە، بەشێك لە کۆمەڵناس و بیرمەندانی کۆمەڵایەتی، هێرمنیوتیکا دەکەنە ئەو بنەمایەی کە شێوازی کاری زانستی و پرۆسە و توێژینەوە و ئەنجامگیری زانستی لەسەر بونیاد دەنێن. لەم توێژینەوەیەدا، زیاتر جەخت لەسەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی هێرمنیوتیکا و هێرمنیوتیکای کلاسیك کراوەتەوە. دیدگای دواتری ئەو قۆناغە و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر چەمکەکەدا هاتووە، دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەوە.

.

*Article Info*

Received: February,2022
Accepted : April,2022
Published :July ,2022

*Keywords*

هێرمنیوتیکا، پۆزەتیڤیزم، تێگەیشتن، زانستی مرۆڤایەتی، زانستی سروشتی.

Corresponding Author

Aram.faraj@univsul.edu.iq

**پێشەکی:**

کەمن ئەو چەمکانەی کە وەك هێرمنیوتیکا خاوەن مێژویەکی دێرین بن. لەگەڵ ئەوەشدا، مێژوی سەرهەڵدان و ئەو مانایانەی چەمکەکە لە سەرەتادا لە خۆی گرتبوو، جیاوازی گەورەی هەیە لەگەڵ بەکارهێنان و شێوە وەرگرتنی دواتری چەمکەکە و ئەو نێوکۆیی و بوارەجاجایانەی تیایدا بەکار هێنراوە. گەشەکردنی دیدگای فەلسەفی و زانستیانەی بەکاربردنی چەمکەکە لە نێو کایەی فەلسەفەدا زیاتر لە سەدەی هەژدەوە و پاشان لە سەدەی نۆزدە لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی زانستەمرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکاندا زیاتر برەوی سەند.

گرنگی پێدانی زانستەمرۆڤایەتیەکان بۆ ئەم چەمکە بە تەنها ناگەڕێتەوە بۆ مەیل و شێوازی کرکردنی لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە زانستیە گرنگە. بەڵکو بەر لە هەر شتیك هێرمنیوتیکا بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی پێبەخشینی شوناس بەم زانستانە. کاتێك دەڵێین بەخشینی شوناس، مەبەستمان لە دانانی بنەمای پتەوی زانستی و هەوڵی بە زانست بوونێکی سەربەخۆ نەك پاشکۆ. واتە توانستی ئەم زانستانە لەوەی پرەنسیپی ئەبستمۆلۆجی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت نەك تەنها جەختکردنەوە لەسەر دونیابینی زانستی نێو کایەی زانستە سروشتیەکان.

کێشەی توێژینەوە : پرسیاری سەرەکی کە ئەم توێژینەوەیە خۆی پێوە سەرقاڵدەکات لەوێوە دێت ئایا چۆن بتوانین دونیا بینیەك لە نێو کایەی زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بخەینە سەر پێ کە زانستی بێت و لە هەمان کاتدا بەشێك بێت لە دونیای ئەم زانستە و لە زانستە سروشتیەکانەوە سەرچاوەی نەگرتبێت ؟ چۆن دەکرێ پشت بە میتۆدۆلۆجیەك ببەستین کە لە نێو دونیای خودیی توێژەرەوە سەرچاوەی گرتبێت و لە هەمان کاتیشدا بکرێ زانستی بێت و بکرێت لەگەڵ ئەوانی دیکە هاوبەشی و بەشداری پێبکرێت ؟ ئایا بەو جۆرەی کە لە رێگەی هێرمنیوتیکاوە دەتوانین لە دەق و بونیادی دەق تێبگەین، ئایا دەکرێ بە هەمان شێوە کۆمەڵگە بکەینە ئەو پانتاییەی قابلیەتی ئەوەی تیدابێت لێی تێبگەین ؟

گرنگی توێژینەوە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە خۆی سەرقاڵدەکات بە پانتاییەکەوە کە لە نێو ژینگەی ئەکادیمی هەرێمی کوردستاندا کەمتر دەستی بۆ براوە کە ئەویش گرنگیدانە بە تێگەیشتنی ئاماژەکانی نێو دونیای کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان. هەروەها وەستان لەسەر پرسی خود-بابەت کە یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکانی نێو کایەی زانستە مرۆڤایەتیەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم پرسە و بە زانستی کردنی.

ئامانجی توێژینەوە، ئەوەیە ئەم بابەتە بکاتە سەرەتایەك بۆ سەرپێخستنی شێوازی توێژینەوەی کۆمەڵناسی لە نێو کایەی ئەکادیمی و ئەنجامدانی توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان لە روانگەیەکی هێرمنیوتیکیەوە، واتە سروشتی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا بەتەنها لە چوارچێوەی دونیابینی پۆزەتیڤیزم و هەژمونی زانستە سروشتیەکاندا قەتیس نەبێت دیدگای توێژەر بەسەر روانگەی جیاواز و شێوازی کارکردنی زانستی جیاوازدا بکاتەوە.

**دەستپێك :**

لە ئێستادا، هێرمنیوتیکا وەك یەکێك لەسەرەکیترین روانگەکانی نێو زانستە مرۆڤایەتیەکان بە گشتی و کۆمەڵناسی بە تایبەت ئەژمار دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دید و تێروانینی کۆمەڵناس و فەیلەسوفانی زانست دەربارەی چەمکەکە و شێوازی بەکار هێنان و بەگەڕخستنی لە نێو زانستە مرۆڤایەتیەکاندا جیاوازە و بە گوێرەی نێوکۆیە مێژوییەکانیش گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. بەر لەوەی بچینە نێو ئەو جیاوازیانەوە، سەرەتا با بزانین لە ئاستە زمانەوانییەکەیدا هیرمنیوتیکا چی واتایەکی هەیە.

هیرمنیوتیکا ( Hermeneutic ) لە کرداری ( Hermeneuien ) ی گریکییەوە هاتوە و واتە تەفسیر دەکات، و ناوی ( Hermeneia ) بە مانای تەفسیر دێت، وا دیارە کردار و ناوەکەش لە خواوەندی ( Hermes )ەوە هاتوە ( عادل،٢٠١٧:١٥ ). هرمس، نێردراوی خواوەندەکان، رێنیشاندەری کاروانچیەکان و بازرگانی و پارێزەری رۆح و قازانجی بازرگانی، ئەو دامەزرێنەری ئەژمارکردن و پێوانەکردنە و هەمو ئەمانەی فێری مرۆڤ کردوە، لەهەمان کاتیشدا دەستێکی باڵای لە شت بردن و شاردنەوەدا هەبوە و کاڵای زۆرینەی خواوەندەکانی بردوە( نهاردت،١٩٩٤،٤٠ ). هرمس، پردی پەیوەندی نیوان خواوەندەکان و مرۆڤ بووە، هەموو ئەوەی کە خواوەندەکان ئاراستەی مرۆڤیان کردوە، هرمس وەکو خۆی گەیاندویەتی بە مرۆڤ ( غادامیر،٢٠٠٦،٦١ )، بەڵام ئەم پەیامە بەشێکی نادیار و نارۆشن بوە هەربۆیە پێویستی بە چالاکییەك هەبووە کە ئەم پەیامە رۆشن بکاتەوە و بیکات بە پەیامێك کە قابیلی تێگەیشتن بێت و لای مرۆڤ رۆشن بێت. ئیدی لێرەوە، هیرمنیۆتیکا سەرچاوە دەگرێت و وردە وردە وەك نەریتێك بۆ تێگەیشتن و راڤەکردن شوێنی خۆی دەگرێت.

واتە ئەوەی کە هرمس ( Hermes ) دەیگوازێتەوە، پێویستی بە وەرگێڕانە بە جۆرێك قابیلی تێگەیشتن بێت، ئەم چالاکییەش پێی دەوترێ ( hermeneus ) ( غادامیر، سەرچاوەی پێشوو ٦١). لە hermeneus وشەی یۆنانی hermeneutike سەرچاوەی دەگرێت، کە دواتر لە زمانی ئینگلیزیدا دەبێت بە hermeneutic . وشە یۆنانییەکە لە دوو برگە پێکهاتوە، کە برگەیەکی وشەی techne بە مانای هونەری بەکارهێنانی تەکنیك و میکانیزمی بە گەڕخستنی توانستە زمانەوانی و لۆجیکییەکان لە پێناو بە دیارخستن و ئاشکرا کردنی ئەو نادیاریەی لەهەر بابەتێکدا بوونی هەیە کە ئێمە پێوەی سەرقاڵ دەبین ( شوق الزین، aljabriabed.net ). لێرەوە، دەبینین وشەی hermeneutike بە سێ واتای جیاواز دێت: ( شوق الزین، ٢٠٠٨،٤٤):

یەکەم: دەربڕین کە ئەویش گوفتار و وەرگێڕانە.

دووەم: ڕاڤەکاری، ئەمیش شیکاری و ڕۆشنکردنەوەیە.

سێیەم: وەرگێڕان، ئەویش بریتییە لە گواستنەوە و لە شوێن دانانی دەربڕینەکان.

ئەگەر چی چەمکەکە وەك دەردەکەوێت سەرەتا لای یۆنانیەکان بەدیارکەوتوە، بەڵام وەك چەمکێکی شیکاری و بە شێوەیەکی رێکخراو لە قۆناغەکانی دواتری هزری مرۆییدا بە دیاردەکەوێت. وەکو ولیام دیلتای دەڵێت هێرمنیۆتیکا وەك کەرەستەیەکی تیۆریزەکردن و سیستماتیك لەگەڵ ریفۆرمی ئاینی و لەسەر دەستی مارتن لۆسەر بەدیاردەکەوێت (هەمان سەرچاوە،٤٨ ). بەم مانایە بێت، هێرمنیۆتیکا لەسەرەتادا زیاتر سەروکاری لەگەڵ دەقی موقەدەسدا هەبوە:

" هێرمنیۆتیکا چەمکێکی کۆنە و سەرەتا لە بازنەی لێکۆڵینەوە لاهوتیەکاندا بەکارهاتوە کە ئاماژە دەکات بۆ کۆمەڵە رێسا و پێوەرێك کە پێویستە ڕاڤەکەر بۆ تێگەیشتنی دەقی ئاینی پەیڕەوی لێ بکات" ( ابوزید، ٢٠١٤،١٣ ). لە پاش

ئەم قۆناغە هەوڵی بیرمەندی ئەڵمانی شلایەرماخەر دێتە پێش بەجۆرێك لەسەر دەستی ئەو هێرمنیۆتیكا دێتە نێو كایەی فەلسەفە و لەم ڕووەوە هەوڵەكانی ئەم بیرمەندە بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەكاری ئاستێكی فراوان لەخۆ دەگرێت. ئەو بە دوای بناغەیەكی تیۆری بەهێزدا دەگەڕا تاكو هونەری تێگەیشتنی لەسەر بونیادبنێت( انقزو،٢٠١٧،٩٦ ).

لێرەوە، دەبینین كە هێرمنیۆتیكا وردە وردە دەبێتە زانستی تێگەیشتنی دەق، چۆن لە دەقێك تێدەگەین. ئەمە بەو جۆرەی كە لە لای شلایەرماخەر گەشەی كرد. لەپاش ئەم قۆناغە، هەوڵەكانی ولیام دلتای دێت كە سەرەتای بناغەدانانی زانستەمرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتیەكان لەسەر دەستی ئەو دادەمەزرێت ئەویش لە ڕێگەی سەرڕێخستنی میتۆدۆلۆجییەكی جیاواز لە زانستە سروشتیەكان كە لە هێرمنیۆتیكادا بەرجەستە دەبێت، لە دواتردا، لای بونگەراكان و بە تایبەت هایدیگەر لە ئاستێكی گشتگیرتردا كار لەسەر ئەم چەمكە كراو بەجۆرێك لە زانستی دەق و میتۆدۆلۆجیاوە بەرەو هەوڵی تێگەیشتن لە بوون هەنگاوی نا (محمد،٢٠١٩،٣٧) . واتە لە تێگەیشتنی دەقدا نەمایەوە بە تەنها بەڵكو هێرمنیوتكا لەم ئاستە بو زانستی تێگەیشتن لە بوون وەك گشتێك.

لێرەوە، قۆناغی گواستنەوە لە زانیاری دەربارەی بوون، گەشەی كرد بەرەو تێگەیشتن لە بوون، لە نێوان ئەو دوانەشدا جیاوازی گەورە هەیە. ئاستی زانیاری دەربارەی بوون، ناسینی بونە وەك ئەوەی كە هەیە، ئاستی دووەم، تێگەیشتنە لە بوون وەك پێكهاتەیەك كە شوێنی ئەوەیە لێی تێبگەین. ( هەمان سەرچاوە،٣٧-٣٨). ئێمە دەربارەی دەرەوە دەزانین، زانیاریمان هەیە لەسەر ئەو كەرەستە و كەلوپەلانەی دەوروبەرمان هەیە بۆ نمونە، واتە ئێمە دەرك بەوە دەكەیەن كە هەیە. دواتر ئەم تێڕوانینە لای بونگەراكان دەبرێتە ئاستیكی فراوانتر، بەجۆرێك كاتێك دێتە سەر پرسی بوون، ئەوا ئێمە دەڵێین لە بوون تێدەگەین وەك ئەوەی كە هەیە، لێرەدا بوون دەبێتە ئەو پانتاییەی كە شوێنی لێتێگەیشتنە.

**بزوتنەوەی چاكسازی ئاینی و فراوانكردنی سنورەكانی تێگەیشتن :**

هەندێك لە لێكۆڵەروان لەو باوەڕەدان كە بزوتنەوەی چاكسازی ئاینی خاڵی دەسپێكی هێرمنیۆتیكایە (رضائی،٣٧٩،٢٠١٨ ) بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئاینی ڕۆڵێكی گەورەی هەبوو لە فراوانكردنی سنورەكانی لێكدانەوە و تێگەیشتنی مانادا. لەگەڵ ئەوەی ئەم بزوتنەوەیە سەرەتای كارەكانی لە نێو كایەی ئاین و بەتایبەت ئاینی مەسیحییەوە دەستی پێكرد، بەڵام دواتر ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر میتۆد و ڕاڤەكردنی دەق بەجێهێشت.

بەر لە هەوڵەكانی ئەم بزوتنەوەیە، تێگەیشتنی مرۆڤ بەسترابۆوە بەو شیكاریانەی پیاوانی ئاینی بۆ دەقەكانیان دەكرد. واتە بۆئەوەی خەڵكی لە دەقە موقەدەسەكان تێبگەن، ئەوا دەبوو گوێ بۆ پیاوانی ئاینی ڕادێرن تاكو لە ماناو دەلالەتەكانی ئەو دەقانە تێبگەن.

یەكەمین كاری ڕیفۆرمی ئاینی لێدان بوو لەم شێوە تیروانیە بۆ دەق. بە بڕوای مارتن لۆسەر چیتر تێگەیشتنی دەقەكان پێویستی بەوە نییە كەسێك پێمان بڵێت ئەم دەقە چی دەڵێت و دواتر ماناكانیمان بۆ شی بكاتەوە، بەڵكو پرۆسەی تێگەیشتن و مامەڵەكردن لەگەڵ دەقدا، بوو بە كردەیەك كە زۆرینەی خەڵكی بتوانن پراكتیزەی بكەن. ئامانجی ئەوان ئەوەبوو ئینجیل بكەن بەو دەقەی هەموان وە كو دەقەكانی دیكە لێی تێبگەن ( جینرود،٢٠١٤،٩٢).

بە بڕوای لۆسەر و كاڵڤن و ڕێبەرانی ئەم چاكسازیە لە ئینگلتەرا، پرسی ئیمان پرسێك نییە لەدەرەوە بۆ مرۆڤ شیبكرێتەوە و لەوێوە بیروباوەڕی ئیمانی خۆی بچەسپێنێت. بەڵكو ئەم پرسە بە تەواوی بەستراوەتەوە بە دیارخستن و دۆزینەوەی ماناكانی ئیمان كە ئەویش پەیوەستە بە تێگەیشتن لە مانا و ئاماژەكانی دەقی موقەدەسەوە (هەمان سەرچاوە،٩٧ )، ئەوەی دەمێنێتەوە، كەسی ئیماندار بۆخۆی گەشتێكی قوڵ بە نێو وشەكانی دەقی موقەدەسدا بكات كە تەنها لەو كاتدا دەبێتە قسەی خوا كە خوێنەر لە دۆخێكی ئیمانیدا ئامێزانی دەقەكە دەبێت.

**كاریگەری ئیمانوێل كانت :**

دیدگای كانت دەربارەی سەرچاوەكانی زانین و پرسیاری ئەوەی كە چۆن دەتوانین بزانین و ئیمكانی زانین چۆنە، كاریگەری گەورە هەبو لەسەر گەشەكردنی بیركردنەوەی مرۆڤ و هەوڵەكانی بۆ تێگەیشتن.

گومانی كانت لە دەرك پێكردن و تێگەیشتنی ئێمە دەربارەی ئەوەی بابەتییەو لە جیهاندایە، كە تێگەیشتنێكە ڕەها نییەو خودییە( جاسپر،٢٠٠٨،١١٢)، واتە ئێمەی مرۆڤ هەریەكەمان جیهان بەو شێوەیە دەبینێت كە بۆ ئەو دەردەكەوێت. جیاكارییەكەی كانت دەربارەی جیهان لە خۆیدا و جیهان وەك ئەوەی بۆ ئێمە دەردەكەوێت. كاریگەری گەورەی كردە سەر دیدی هێرمۆنیتیكی دواتر. یەكەمین بەركەوتنی ئێمە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا لەڕێگەی هەستەكانمانەوە دەبێت، كاتێكیش هەستەكانمان دەبنە سەرچاوەی زانینی ئێمە، ئەوا تەنها ئەو لایەنەی بوونمان بۆ دەردەخەن كە بۆ ئێمە دەردەكەوێت: " ئەگەر بابەتەكان خۆیان بۆ هەستەكان دەرنەخەن، لە ئاستی دەرككردنەكەدا ئامادە نەبن و لەڕێگەی هەستكردنەوە بە تێگەیشتن نەگەن، ئەوا تێگەیشتن ناتوانێت بیرۆكەی ئەو بابەتانە دروست بكات" ( محمد، ٢٠١٧،٢١).

ئەگەر لە شوێنێكدا، هیچ جوڵە و دەنگێك بوونی نەبێت، ئەوا هیچ شتێك لەدەرەوە بوونی نییە . واتە بە بێ بونی هۆكارێك بۆ بەركەوتنی هەستەكی، ئاگاییەك بۆ جیهانی دەرەوە بونی نییە. هەست كردن لە بەدیارخستنی خەسڵەتەكانی دەرەوەدا، ناچالاك دەردەكەوێت(محمد، هەمان سەرچاوە،٦٨). بەم مانایەش بێت، هەستەكان ناتوانێ هەموو ئەوەی لەدەرەوە هەیە دەركی پێ بكات، تەنها ئەوەی كە خۆی تەسەروفی پێوە دەكات، تەنها ئەوە بۆ ئێمە دەگوازێتەوە. كەواتە واقعێك هەیە لەوێ كە ئێمە ناتوانین دەركی پێبكەین، تەنها لەڕێگەی هەستەكانەوە دەزانین، ئەم هەستانەش تەسەروف بە واقیعەوە دەكەن، واتە ئێمە بەردەوام مامەڵە لەگەڵ واقیعی هەست پێكراودا دەكەین نەك واقیع وەك ئەوەی لە خۆیدا بوونی هەیە، بەڵام ئەمە دەسپێكێكی گرنگە و دواتر تێگەیشتن دێت كە خەسڵەتەكانی واقیعی هەست پێكراو كۆدەكاتەوە و بیرۆكەیان لێ دروست دەكات.

هەربۆیە، كانت هەوڵی داوە زانینی لە پێشتر كە بە هەستەكانەوە وابەستە نەبێت، بدۆزێتەوە: " زانین لە هەستكردنەوە دەست پێدەكات، بەڵام لەوێدا ناوەستێت و ژوور هەست دەكەوێت. هەر زانینێك ژور هەست بكەوێت پێویستە هەستەكی نەبێت"(محمد،هەمان سەرچاوە،٦٩) . لێرەدا سەرەتاكانی خەمڵینی پرسی تێگەیشتن دێتە پێش كە خاڵی جەوهەرییە لە گەشەپێدانی هێرمنیۆتیكادا، ئەگەرچی پرسی تێگەیشتن بەو جۆرەی كانت باسی دەكات كۆمەڵێك جیاوازی لەگەڵ تێڕوانیی دواتری بیرمەند و كۆمەڵناسەكاندا هەیە،

بەلام بە شێوەیەکی گشتی ڕێکەوتنێك هەیە لەسەر پرسی تێگەیشتن وەك تایبەتمەندی جیاکەرەوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی و کۆمەڵناسی بە تایبەتی.

ئاستی دووەم لە کاریگەری کانت، بریتییە لە جەختکردنەوەی ئەم بیرمەندە لەسەر توانستی عەقڵی و بیرکردنەوەی ڕەخنەییانەی مرۆڤ. لە دەستپێکی وتارە بەناوبانگەکەیدا وەڵامی پرسیاری ڕۆشنگەری چییە؟ (کانت، ماهو التنویر، ٢٢، کانون الاول، https://www.aljabriabed.net/n04_13mousadak_tanwir.htm ) لەسەر گرنگی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەوەستێت، بیرکردنەوەیەك کەپشتی بە خۆ بەستوە نەك کەسێکی دیکە یان هێزێکی دیکە لەدەرەوەی ئەو.

بە بڕوای کانت ترس و تەمەڵی وای لە زۆربەی مرۆڤ کردوە کە سەرەڕای ڕزگاربوونیان لە دەسەڵاتی سروشت، خۆیان بە ڕەزامەندی خۆیان، بکەونە دۆخێکەوە کە خەڵکانی دیکە ببنە سەروەریان و بڕیار لەسەر ژیان و چارەنوسیان بدەن.

**لە دەقی ئاینییەوە بۆ دەقی ئەدەبی، گواستنەوەی دیدی کانت بۆ نێو کایەی دەق:**

فریدریك شلایەرماخەر دوو ئاستی سەرەکی مامەڵەی ئێمە لەگەڵ دەق لەیەکتری جیادەکاتەوە، دەق وەك ئەوەی کە هەیە، لەگەڵ دەق وەك ئەوەی بۆ ئێمە ئاشکرایە و دەردەکەوێت. بەپێ تێگەیشتن، دەق لە خودی خۆیدا بوونی نییە، دەق تەنها لەو کاتەدا بوونی هەیە کە مرۆڤ بونی هەیە و لێی تێدەگات و ماناکانی دەدۆزێتەوە وەك ئەوەی بۆ ئەو دەردەکەوێت.

ئاستی دوەمی کاریگەری کانت لەوێدا دەردەکەوێت کە بۆ شلایەرماخەر گرنگە خوێنەر بۆخۆی لە دەق تێبگات، نەك کەسێك یان هێزێك لە دەرەوەی ئەو ڕاڤەکاری دەقەکەی بۆ بکات. لەسەر هەمان نەزمی کانت کاتێك داوای دەکرد بیرکردنەوەی خۆمان بەکاربهێنین و ڕەخنەییانە سەیری دونیا بکەین، شلایرماخەر داوای پشت بە خۆ بەستن دەکات لە تێگەیشتنی ماناکانی دەقدا. بۆ ئەم بیرمەندە، هیرمنیوتیکا بەر لە هەرشتێك هونەرە، هونەری تێگەیشتن(شوقی الزین،٢٠٠٨، ٥٣). بەم مانایە بێت، خوێنەری دەق بۆخۆی دەبێتە داهێنەر بەو ئەندازەیەی نوسەری دەق سەرقاڵی پرۆسەی داهێنانە.

لێرەوە، پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕ لە نێوان خوێنەر و دەقدا دروست دەبێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاگادار بوونی خوێنەرە بە ڕێسا و ڕێزمانی ئەو زمانەی دەقەکەی پێ نوسراوە تا بە وردی لە ماناو ئاماژەکانی نێو هەر دەربڕینێك بگات کە نوسەر لەسەری دەوەستێت ئەمەش ئەو ئاستەیە کە لای شلایرماخەر بە (ئاماژە بابەتیەکان) ناودەبرێت و ئەو ئاستەی دیکەش کە زیاتر پەیوەندیدارە بەپرسیارێتی خوێنەر دەربارەی ئەو مانایانەی لەسەر دەق بەرهەمیان دەهێنێت، کە ئەمەی دواییان کە زیاتر ڕەهەندێك دەرونی هەیە، بە ( ئاماژە خودییەکان ) ناوی دەبات ( عون، ٢٠٠٤، ٥٣). بەر لە شلایرماخر، هێرمنیوتیکا واتایەکی میتۆدۆلۆجی نەبوو، زیاتر سەرقاڵ بوو بە تێگەیشتنی دەقە ئاینییەکانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەم بیرمەندەدا، دەبێتە میتۆدێکی توندو تۆڵ و لەسەر گریمانەیەکی گشتی دەوەستێت کە دەڵێ شێوازی دەربڕین بۆخۆی ڕەنگدانەوەی ڕۆحی گشتی کلتورە.

ئەوەی بۆ شلایەرماخەر گرنگە، جەختکردنەوەیە لەسەر هەردوو ڕەهەندی دەروونی وڕێسای زمانەوانی ( هەمان سەرچاوە، ٧٢ ) لای ئەو هەر زمانێك کۆمەڵێك ڕێسا و ڕێزمان و شێوازی دەربڕین و بەکاربردنی خۆی هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زمان هەڵگری تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی ئەو گروپ و کۆمەڵانەیە کە قسەی پێدەکەن، هەربۆیە بۆ تێگەیشتنی هەر دەقێك پێویستە ئەو بنەمایانە لەبەرچاو بگیرێن.

تێگەیشتنێکی زیاتری دەقەکان لای شلایەرماخەر بەستراوەتەوە بە توانست و شێوازی بەکاربردنی زمان. بە بڕوای ئەو لە نێو زماندا و لەبەکارهێنانی وشەکاندا، جیاوازی لە نێوان خوڵقێنەرانی دەقدا هەیە سەبارەت بە دەربڕین و وشەسازی و مانا خوڵقاندن(هەمان سەرچاوە،٧٥ ) کە ئەمەش دەبەستێتەوە بە دۆخی دەروونی نوسەر یان بەرهەمهێنی دەقەوە.

**ولیم دیلتای :**

ئەو سەردەمەی دیلتای تیایدا ژیا (١٨٨٣-١٩١١ ) لەڕووی پرسە ئەبستمۆلۆجیەکانەوە، کێشمەکێش و گفتوگۆی توند و گەرموگوڕ هەبوون دەربارەی پرسی میتۆد لەنێو زانست بە شێوەیەکی گشتی و زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بە تایبەتی. پرسی یەکێتی میتۆدی زانستی بەو شێوەیەی جۆن ستیوارد میل لە کتێبی (سیستمی لۆجیك )دا باسی لێوەکرد کاریگەری گەورەی لە نێو ئەم ناکۆکی و جیاوازییەدا هەبو.

لەو بەشەی کە تەرخانی کردووە بۆ سروشتی دنیای کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە، ستیوارت مل دەنوسێ " بەشێوەیەکی دروست، وێناکردنی ئەوەی کە پێی دەگوترێ زەرورەتی فەلسەفی، بەسادەیی ئەمەیە: بە سەیرکردنی ئەو پاڵنەرانەی بۆ عەقڵی مرۆیی بوونی هەیە، بە تێڕوانینی کەسێتی تاك و هەڵسوکەوتەکانی، ئەوا دەتوانین ئەنجامگیری شێوازی هەڵسوکەوتی ئەو بکەین، گەر کەسەکەمان ناسی و ئاشنابووین بە پاڵنەرەکانی، ئەوا دەتوانین تا ئەندازەیەکی زۆر یەقینمان هەبێت لە پێشبینی کردنی ڕەفتاری ئەودا، بەو شێوەیەی کە پێشبینی هەر دۆخێکی فیزیکی دەکەین " ( Mill,2009,1018 ). ئەوەی ڕوونە لێرەدا، جەختکردنەوەی (جون ستیوارت میل)ە لەسەر کارایی میتۆدی ئەزمونگەرییە لە لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕەفتاری مرۆیی تا ڕادەی دڵنیایی. تواستی پێشبینی کردن و گەیشتن بە یاسا لەسەر شێوەی زانستە سروشتیەکان لە لێکۆڵینەوە لە دونیای مرۆڤدا.

لە تێڕوانینی ئەم ئاڕاستەیەدا، زانستی مرۆڤایەتی گەر پەیوەست نەبێت بە پرەنسیپی یەکێتی میتۆدی زانستی و هەوڵی پەیڕەوی کردنی ئەو بنەمایانە نەدات کە ئەم زانستانەی لەسەر بیناکراوە، ئەوا توانستی بابەتی بوون و وردی لە ئەنجامدا لە دەست دەدات و بەمەش زیاتر لە زانستی بوون دوور دەکەوێتەوە و توانای شیکاری دیاردەکانی نیو جیهانی کۆمەڵگەو مرۆڤ لە دەست دەدات: " ئەوانەی پەیڕەوی لە واقیع و پێدراوە هەستەکیەکان دەکەن، بڕوایان بە جیاکاری لە نێوان زانستە سروشتیەکان و زانستەمرۆڤایەتیەکاندا نییە، بە پاساوی ئەوەی ئەمە چارەسەری گرفتی بابەتیبوون ( کەڕێسا و بنەڕەتی زانستە)دەکات (قنصوە، ١٩٨١،١٨٨). کەواتە بۆ دەرچون لەو قەیرانەی ڕووبەڕوی لێکۆڵینەوە زانستی لە جیهانی مرۆڤ دەبێتەوە، ڕێگایەکی دیکە نییە جگە لە پەیڕەوی کردن لەو شێوازە زانستیەی کە یەکێتی میتۆدە و لە زانستە سروشتیەکاندا بەرجەستە دەبێت.

دلتای لە پێشەنگی ئەو بیرمەندانە بوو کە بڕوای بەم شێوەیە لە یەکێتی میتۆدی زانستی نەبوو. ئەو لەسەر هەمان ئاڕاستەی ئەو بیرمەندانە بوو کە پرەنسیپی لێکدانەوەیان کردبوە بنەمای کارکردنی زانستی لە زانستە سروشتییەکان و بنەمای تێگەیشتن لە نێو زانستە مرۆڤایەتیەکاندا. دلتای

هەمان پرسیاری ئیمانویل کانت لە ئاستێکی دیکەو لە نێو کۆییەکی دیکەدا سەرلەنوێ بەرهەمدەهێنێتەوە و ئەرکی وەڵامدانەوەشی دەخاتە ئەستۆی خۆی. پرسیاری کانتیانە ئەوە بوو چۆن دەتوانین بزانین ؟ چۆن دەتوانین لە زانین دڵنیابین ؟ لێرەوە پرسی ڕەخنە لای ئەم فەیلەسوفە برەودەستێنی، ئەو لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی توانستی عەقڵەوە دەربارەی زانین هەڵسەنگاندن بۆ سروشتی ئەو زانینە دەکات کە دەکرێ بە دەستیبهێنین( بدوی،١٩٧٧،١٦٢ ). لەم گەشتەدا، کانت ڕەخنەی گەورەی ئاڕاستەی عەقڵ کرد بە دەرکەوتە جیاجیاکانییەوە و لە پرۆژەیەکی فکری گەورەدا و بەرجەستەی کردن و پرسی چۆنیەتی گەیشتنی بە مەعریفەیەك کە شوێنی دڵنیایی بێت لە بنەما سەرەکیەکانی فەلسەفەکەی ئەون.

لەسەر هەمان نەزم، ولیام دیلتای پرسیاری دەربارەی سروشتی مەعریفە لە نێو زانستە مرۆڤایەتیەکاندا خستەڕوو، ئەو بە پرۆژەی ڕەخنە لە عەقڵی مێژویی دەستی پێکرد(ارون،١٩٩٩،١٦و دواتر ) وبە ئامانجی پێشخستنی میتۆدۆلۆجیایەکی تایبەت بە زانستە مرۆڤایەتیەکان هەنگاوی نا.

مەبەستی دلتای لە مێژوو شەنوکەوکردنی ڕوداوی مێژوویی و مێژوو نیە وەکو ئەوەی کە هەیە، بەڵکو ئامانجی ئەو فراونتربوو لەوە و گەشتەکەشی لە نێو کایەی دەرونزانیەوە دەست پێکرد. بە بڕوای ئەو، سەرجەمی ڕوداوە مێژویەکان، دواجار لە نێو پێکهاتەی دەرونی مرۆڤەکاندا بەرجەستە دەبن.

ئەوەی دونیای مرۆڤەکان جیادەکاتەوە دونیایەکە قابیلی تیگەیشتنە، جیاواز لە دونیای سروشت کە دەکرێ لەبەر رۆشنایی لێکدانەوەدا شیکاری بۆ بکرێت. ئەوەی یەکەمیان بە پشت بەستن بە تیگەیشتن و لە سۆنگەی دونیای ناوەکی مرۆڤەکانەوە. هەرچی ئەوەی دووەمیانە پرۆسەیەکە لە دەرەوە و لە ڕێگەی شیکاری سروشتی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکاندا.

لێرەوە، کێشەی دلتای لەگەڵ پۆزەتیفیستەکاندا دەست پێدەکات، و بەگژ ئەو تیروانینەدا چۆوە کە بانگەشەی یەکێتی میتۆدی لە زانستەکاندا دەکرد و تاکە ڕێگای زانستی لەوەدا دەبینییەوە کە زانستەمرۆڤایەتیەکان هەمان ڕێچکەی زانستە سروشتیەکان بگرن. بە بڕوای دلتای جیاوازی ڕیشەیی و بنەڕەتی لە نێوان زانستی سروشتی و زانستەمرۆڤایەتیەکاندا هەیە کە ئەو پێی دەوت زانستی رۆح. ئەم جیاوازییە لە ئاستی دونیا بینی میتۆدۆلۆجیدا خۆی بەیان دەکات. ئەوەی زانستی رۆح پێوەی سەرقاڵە تەنها دەرکەوتەیەکی ئەوە نییە کە لە دەرەوە هەیە بەڵکو بابەتی ئەم زانستانە واقیعێکی ناوەکییە و لە ئاستی ئاگاییدا بەرجەستە دەبێت ( عبدالعزیز،ب.د، ١٠٧ ) لە کاتێکدا پرسی ئاگایی کاتێك ڕوو لە دەرەوە دەکات و لەو نێوکۆییەدا دەمێنێتەوە، ئیدی دەکرێ لە دەرەوە و بابەتییانە ڕاڤەی بکەین و کۆنترۆڵ و پێوانەی بکەین (هەمان سەرچاوە، ١٠٨). ئەوەی دونیای ناوەکی بکەرە کۆمەڵایەتیەکانە، ناکرێ بە هەمان ئاڕاستەو دونیابینی زانستە سروشتییەکان لێی بکۆڵینەوە ئەم پرسە لە بنەڕەتدا بەستراوەتەوە بە کۆمەڵە هەلومەرجێکەوە کە ناکرێت لە درەوە لێی تێبگەین. لای دلتای، هیرمنیوتیکا بنەمای هەموو ئەو زانستانەیە کە بە زانستی رۆح ناو دەبرێن، ئەو زانستانەی کۆمەڵگە و مێژوو دەکەن بە بابەتی توێژینەوەی خۆیان، ئەم زانستانە گرنگی بە هێماکان دەدەن، ژیانی هێماکان لە کۆمەڵگەدا( قارە،١٩٨٨،٥١).

جەخت کردنەوە لە چەمکی تێگەیشتن و ڕەهەندەکانی سیمبوڵ و هێما لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و کاریگەری هەریەك لە مانە لەسەر دونیای ناوەکی و تایبەتی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان، لەو بنەمایانەن کە دلتای دەیانکاتە سنوری جیاکەرەوەی زانستەمرۆڤایەتیەکان. تیگەیشتن لای دلتای چەند ئاستێکی جیاجیا لە خۆ دەگرێت، وەکو بەشداری کردنی ویژدانی، هاوسۆزی، پرۆسەی گێڕانەوەی ئەزموون و بەرهەمێنانەوەی ئەو ژیانەی شوێنی لێکۆڵینەوە (انور،١٩٨٨،٢١٢ ).

لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە دیاریکردنی پرسی تێگەیشتن لای دلتای بۆخۆی جیاکردنەوەی سنووری ئەو کایە جیاوازەی مەعریفەی مرۆییە، لە زانستی سروشتیەکان کە ئەویش و زانستی مرۆڤایەتییە. بە بڕوای ئەو ئەوەی پەیوەندی بە سروشتەوە هەیە ئەوەیە کە لیکدانەوەی بۆ دەکەین، هەرچی ئەوەی کە پەیوەندی بە جیهانی مرۆڤەوە هەیە ئەوەیە کە لێی تێدەگەین( delthey,1996,229 ).

سەبارەت بە دیاری کردنی بوار و پۆلین کردنی ئەم زانستانە، دلتای دەنوسێ " لە تەنیشت زانستەسروشتیەکانەوە، کۆمەڵە زانینێك بە شێوەیەکی سروشتی و بەگوێرەی وەزیفەی ژیان خۆی گەشەیان کردووە و لەڕێگەی هاوبەشی پێکەوەیی بابەتەوە پێکەوە بەستراون، لەنمونەی ئەم زانستانە: مێژوو، ئابوری نیشتیمانی، زانستی ماف و زانستی سیاسەت، تەنانەت زانستی ئاین، هەروەها ئەدەب، هونەری شیعر، هونەری دانانی میوزیك، ڕوانینی گشتی فەلسەفی، سیستمە فکرییەکان، لە کۆتاییدا دەرونزانی، سەرجەمی ئەم زانستانە دەگەڕێنەوە بۆ حەقیقەتێکی گەورە : رەگەزی مرۆیی. کە چەمك و تیۆرە بە پۆلێنکاری و پێکهینان و داتاشین حوکمدانی پەیوەندیدار بەم حەقیقەتەوە پێکدەهێنن، بەمجۆرە سەرەتاکانی ئەم زانستە لە پەیوەندی هاوبەشیان بە هەمان حەقیقەتەوە: پێناسەکردنی زانستە مرۆڤایەتیەکان پێکدێن و خۆیان لە زانستە سروشتییەکان جیادەکەنەوە " ( هابرماس،٢٠٠٢،١٣٨).

لای دلتای جیاوازی لە نێوان هەردوو زانستی مرۆڤایەتی و زانستی سروشتی، جیاوازی بابەت و میتۆدە لە هەمان کاتدا، لەو پەرەگرافەی سەرەوەدا، دیدگای ئەو بۆ بابەتی زانستی مرۆڤایەتی بەدیاردەکەوێت و هەرچی پرسی میتۆدیشە، لە ڕێی خۆ جیاکردنەوە لە دونیابینی پۆزەتیفیزم پرسی میتۆد لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا دەخاتە سەرڕێ. ئەو جەختی لەسەر تێگەیشتن بوو وەکو تایبەتمەندی جیاکەرەوەی زانستەمرۆڤایەتیەکان : " تێگەیشتن بەو پرۆسەیە دەوترێ کە بەهۆیەوە ژیانی عەقڵی لە ئامێزی دەربڕینی پێدراوە هەستەکیەکاندا زانراو دەبێت " ( قنصوە،٢٠٠٧، ١٧٦ ) .

دەربارەی ئەو گومان و ڕەخنانەش کەلەسەر ئەم تێڕوانینە هەبوون، دلتای بڕوای وابوو کە : " تێگەیشتن، ڕێگەیەکە تەنها لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بەکاردێت: توێژینەوە لە مێژووی مرۆیی، و پەنابردن بۆ ئەم ڕێگەیە، مانای بێبەشبوون نیە، هەروەك چۆن مانای ئاست نزمی ناگەیەنێت لە بەرامبەر زانستە سروشتیەکاندا، بە پێچەوانەوە تێگەیشتن ویستێکی خواوەندانەیە، کە کۆشش دەکات بۆ تێگەیشتن لە مێژوو بە هیوای ئەوەی هەوڵەکەی دروست بێت، مرۆڤەکان بۆ بەرزترین ئاستەکانی حەقیقەتی ئیلاهی سەردەکەون، ئەمەش شتێکە زانایانی زانستە سروشتیەکان ناتوانن پێی بگەن " (bauman,1978,33 ).

لێرەدا پرسی ئەوەی کە پێی دەگوترێ دواکەوتنی زانستە مرۆڤایەتیەکان لە بەرامبەر زانستە سروشتیەکاندا دەکەوێتە ژێر پسیارەوە، بە پێچەوانەوە دەبینین کە زانستەمرۆڤایەتیەکان هەڵگری تایبەتمەندییەکن کە زانستە سروشتیەکان هەرگیز ناتوانن پێی بگەن. ڕاستیەك رۆبەرت ماکیڤەر بە

جوانترین شێوه تەعبیری لێکردووه: " واقیعە کۆمەڵایەتیەکان لە داوجاردا، کۆمەڵێکە واقیعێکی دەرکپێکراون. کاتێك هۆکاری کەوتنی حکومەتێك لە حکومەتەکان، یان دیاری کردنی نرخێك لە نرخەکان، یان هۆکاری ڕودانی مانگرتنێك، یاخود دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون لە کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکاندا، زانینمان دەربارەی ئەمانە- لە لایەنی گرنگی و زیندوێتیەوە- جیاواز دەبێت لە زانینمان دەربارەی هۆکارەکانی باران بارین، یان ئەو بوارەی بەردەوام مانگ لە نێوان خۆی و زەویدا دەیهێڵێتەوە، یاخود هەلومەرجی بەستنی شلەکان، یان سوود وەرگرتنی ڕوەك لە نایترۆجین، ئەو واقیعانەی لە جۆری دووەمن، تەنها لەدەرەوە دەتوانین بیزانین بەڵام ئەوانەی جۆری یەکەم، دەتوانین-تاڕادەیەك- لە ناوەوە دەربارەیان بزانین " (تیماشیف،١٩٧٦،٢٦١ ).

ئەوەی ئێمە دەتوانین لە پەیوەندیدا بە دیاردە سروشتیەکانەوە ئەنجامی بدەین تێبینی کردنی یان سەرنجی بەداویەکدا هاتنیان بدەین. لە کاتێکدا ئەوەی پەیوەندی بە جیهانی مرۆڤەو هەیە، دەتوانین بە شێوازێکی جیاواز سەیری بکەین و لێی تێبگەین : " بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێ بزانین بۆچی خەڵکی دەبنە دژی حکومەتیك، یان هۆکاری داواکاری کۆمەڵەیەکی دیاریکراو بۆ مانگرتن، ئەوا دەبێ بۆخۆمان بچینە نێو ئەو هەڵویستانەوە کە لێیان دەکۆڵینەوە، ئەوەش پێویستی بە ئاگاداربونە لە ئامانج و هیوای مرۆڤەکانە، بەو شێوەیە پراکتیزەی بونی خۆی دەکات لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا " (تیماشیف، هەمان سەرچاوە، ٢٦١ ).

بە تەواوی ماکیڤەر دەوە دەسەلمێنیت، کە پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە دونیای مرۆڤ جیاوازی گەورەی هەیە لە جیهانی سروشت. لێکۆڵینەوە لەوەی یەکەمیان پێویستی بە تێگەیشتنە، تێگەشیتن شتێك نییە لە دەرەوە و لە ڕێگەی تێبینی کردنەوە پێی بگەین، ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئامۆڤگارییەکەی ڤیبەر کاتێك دەیگوت بۆ ئەوەی تێبگەم بۆچی ئەو کردەیەت ئەنجامدا، نابێ لە دەرەوە بڕیار لەسەر ئەو هەڵویستە بدەم کە تۆی تێدایت، بەڵکو دەبێ خۆم بخەمە شوێنی تۆ تا تێبگەم بۆچی ئەوەت کرد کە کردت.

ئەمە ئەو تایبەتمەندییە کە دواتر باومان وەکو خاڵی جیاکەرەوە و بەهێزی زانستە مرۆڤایەتیەکان سەیری دەکرد، خاڵیك کە پێشتر رۆبەرت ماکیڤەر لەسەری وەستابوو: " بارینی باران، یان بەستنی شلەکان، چیرۆکێکی ناوەکیان نییە، بەو پێیەی کۆمەڵە داتایەکن و یاسایەکی دیاریکراو تەعبیریان لێدەکات، دەرکیان پێدەکەین. بەو پێیەی پرسە مرۆییەکان هەڵگری چیرۆکی ناوەکین، بە دەربڕینێکی تر، واتا، ئەوا ئێمە لەم دۆخەدا ئێمە تەنهابەشێك لە حەقیقەتمان دەست دەکەوێت، یان حەقیقەتێکی ڕێژەییمان دەست دەکەوێت. ئەو تەنها شتانەی وەکو حەقیقەتی جێگیر و وەستاو دەیانزانین ئەو شتانەن کە تێیان ناگەین، ئەو تەنها شتانەی دەتوانین تێیان بگەین، ئەو شتانەن کە مل دەدەن بۆ گۆڕان و ئاڵوگۆڕ، ئەوەی کە قورسە بە تەواوی بیزانین " (تیماشیف،هەمان سەرچاوە،٢٦٢ ). لێرەدا تێگەیشتن وەك بنەڕەتیترین پرسی نێو هێرمنیوتیکا، وەك ئاستێکی مەعریفی دەردەکەوێت لەوەی کە تەنها پرۆسەیەك بێت. واتە تێگەیشتن چ وەك تایبەتمەندی جیاکەرەوەی زانستە مرۆڤایەتیەکان و چ وەك ئاستێکی ئەپستمۆلۆجی دەبێتە بنەمای سەرەکی لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا.

لەتەنیشت تێگەیشتنەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، چەند چەمکێکی دیکە لە نێو هرمنیۆتیکادا ئاماژەیان بۆ دەکرێت. لەوانە، چەمکی واتا. تێگەیشتن و واتا دوانەیەکی لێندانەبڕاون. لە هەمان کاتدا هێڵی پێکەوە بەستنی هیرمنیوتیکا و فینۆمینۆلۆجیایە. ئەوەی یەکەمین گرنگی بە تێگەیشتن و ئەوەی دووەم گرنگی بە واتاکان دەدات. واتا بەو وێنانە دەوترێ کە لە ئەنجامی گوزارشت و دەربڕینە زمانەوانیەکانەوە لە نێو زەینی ئێمەدا دروست دەبن، واتا دەرخستنی شتێکە یاخود ئەوەی بە ئاماژە و هێماکان تەعبیری لێدەکرێت( صلیبا،٣٩٨ ). لەگەڵ ئەوەی تێگەیشتنی واتا زمانەوانیەکان لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ژیانی مرۆڤەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاگامەندیمان دەربارەی خۆ، و دەربارەی جیهانی دەرەکی زۆر کات لە ڕێگەی ئەو وێنانەوە دەخەملێن کە لەڕێگەی زمانەوە شێوەبەندی بۆ دەکەین ( ریکمان،١٩٧٩،١٣٠ ). کەواتە زمان تەنها کار لەسەر دروست کردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی توخمە کلتورییەکان ناکات، بەڵکو لەگەڵ ئەمانەدا، چوارچێوەی زەینی ئیمە شێوەبەند دەکات. بە درەبڕینێکی دیکە، لەلایەك واتای هەر وشەیەك لە پەیوەندیدا بە واقیع و جیهانی دەرەکییەوە دەخەملێت، و لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی نێوان زمان و هزر.

هزر بۆخۆی چالاکی تایبەتمەندی مرۆڤە، توانستی دروستکردن ڕایەڵەو پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە و پێشبینی کردنی ئەوەی دەشێ ڕوبدات، و پێداگری لەسەر کردنی کارێك لەبەر ڕۆشنایی ئەزمونی پێشتر، هەموو ئەمان ڕێکدەخات( سلیفان اورو،٢٠١٢، ٣٠٥ ). پەیوەندی زمان وهزر هەر لەوێوە نایەت کە ڕیشەی لاتینی هەردوو وشەکە یەکێکە، بەڵکو زمان بۆخۆی بەرجەستەکەری هزرە. نە دەتوانین بیر لەزمان بکەینەوە بە بێ هزر و نە لە هزریش بە بێ زمان ( هەمان سەرچاوە ٣٠٦). ئیدی گرنگی زمان لێرەدا دەردەکەوێت، هەموو ئەو شتانەی کەلەسەر ئاستی واتا بێت وەك ئەوەی فینۆمینۆلۆجی گرنگی پێدەدات، یان پەیوەندیدار بێت بە پرسی تێگەیشتنەوە کە هێرمنیوتیکا گرنگی پێدەدات، لە دواتردا ئەوەی گرنگە هەردووکیان وەکو دوو ئاستی مەعریفی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. ئەوە دەردەکەوێت کە شتەکان چ واتابن یاخود تیگەیشتن، لە ڕیگەی نێوەندێکەوە مەیسەر دەبن کە ئەویش زمانە: " پەیوەستیەکی بەهێز هەیە لە نێوان جیهان و زماندا، لە ڕێگەی دەربڕینەوە نەبێت ناتوانین جیهان پەلکێش بکەینە نێو تیگەیشتنەوە، بۆ تێگەشتنی دونیا، سەرەتا پێویستمان بە تیگەیشتنی زمانە، ئەگەر زمان بەرهەمێکی خودیی بێت ئەوا پێویستە لە پەیوەندی دینامیکیەتی ناوەکی نێوان خود و زمان تێبگەین"( ناصر،٢٠٠٧، ١٦ ).

لێرەدا دەبینین تێگەیشتن کە بنەمای هیرمنیوتیکایە، بە تەواوەتی بەستراوەتە بە زمانەوە. بە بێ زمان پرسی تێگەشتن دەبێتە ئەرکێکی زۆر زەحمەت. زمان چی وەکو دەربڕین و چی وەکو ئەو هێما و ئاماژانەی لە نێو خۆیدا هەڵگرتوون ڕۆڵی گەورەیان لە پرسی تێگەیشتندا هەیە. هێماکانی نێو زمان لە خۆیاندا گرنگ نین، بەڵکو گرنگییان لەوێوە دێت کە هەڵگری بیرۆکە یان ناواخنی هزرن( غریلو،٢٠١٨، ٣١). لە نێو زماندا هێما و ئاماژەکان بونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەی هەڵگری بیرۆکە و هزرن، لەهەمان کاتدا پرسی تێگەیشتن فەراهەم دەکەن و هەموو ئەمانەش بە توندی بەستراونەتەوە بە واتاکانەوە. لێرەدا جارێکی دیکە پرسی پەیوەندی لە نێوان هێرمنیوتیکا و فینۆمینۆلۆجیا دێتەوە پێش، ئەویش لە ڕێگەی زمان و تێگەیشتن و واتاوە.

لای هۆسرڵ، دەربڕینەکان ئەو ئاستەن کە دەتوانین لێیانەوە لە واتاکان نزیك ببینەوە: " دەربڕینەکانی وەکو دەستەواژە و ناوەکان، بە هێما داناوە، کە ئاماژە بۆ شتێکی دیکە دەکەن. ئەوەی دەربڕین لە دەستەواژەدا لە شێوازی

دەربڕینەکانی دیکە جیادەکاتەوە، بۆ نمونە ( چاو داگرتن )، بەخشینی واتایە. بێجگە لە گەیاندنی واتا، دەربڕینی نیو دەستەواژە ئاماژە بۆ بابەتێکیش دەکات (محمد کەمال ٤٥-٤٦). بابەت هەموو ئەوانەن کە قابیلی تێگەیشتنن، ئەوی کە دەکرێ لێی تیبگەین، لە بونیادی دەقەوە تاکو دەگاتە تێگەیشتن لە میکانیزمی کارکردنی سیسیتیمێك لە سیستمەکان یاخود لە کردە و چالاکی مرۆڤەکان یان تێگەیشتن لە بوون.

پەیوەندی نێوان زمان و هزر و تێگەیشتن، لەسەرەتاکانی خستنە سەرڕێی هێرمنیوتیکاوە، تاکو دوایین زیادکردنەکان لە نێو تیۆرەی ڕاڤەکاریدا، شوێنی گرنگی پێدانی گەورە بووە. گەر سەرەتاکای لای شلایەر ماخەر دەرکەوتبێت، ئەوا لە دواتردا لای بیرمەندانی بواری زمان زیاتر بەرەو پێشبرا. لای بیرمەندێکی وەکو همبوڵت، زمان بە کۆی گوزارشت و پێکهاتەکانییەوە، چوار چێوەی کاتیگۆریەکانی هزر پێکدەهێنێت (بلبولە،٢٠١٣، ٩٤-٩٥ ). ئەوەی ڕوونە هزر بە بێ ئەم کاتیگۆریانە توانای شیکاری و ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی دونیای نییە. ئەم ئاستە لە تێڕوانین لای همبوڵت، جەختکردنەوەیە لەسەر پرسی پەیوەندی نێوان هزر و زمان، بەلام بە کۆمەڵێك زیادکردنی گرنگەوە. لای همبوڵت هەر زمانێ هەڵگری تایبەتمەندیەکی جیاکەرەوەیە لە زمانەکانی دیکە، جیاوازیەکەش تەنها لە ئاستی ڕیساکانی زماندا نیە، بەڵکو ئەم جیاکاریە ڕیشەی کلتوری هەیە، لێرەوە فرەیی لە زمانەکاندا، بۆ خۆی فرەیی لە دید و تێڕوانین بۆ دونیا دروست دەکات ( محسب، ١٩٩٨،١٠). لێرەدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە همبوڵت زمان بەتەنها وەکو ئامرازی گەیاندن نابینێت، لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازییەکان لە زماندا، وەکو جیاوازی لە تێڕوانین بۆ دونیا دەبینێت.

لە ڕاستیدا مەبەستی ڕوانین بۆ جیهان شێوازی دەرککردنمانە بە جیهان، واتە چیتر زمان ئامرازی گواستنەوەی زانیارییەکان نییە. زمان شێوەمان پێدەبەخشیت و تێڕوانینمان بۆ دونیا دیاری دەکات، واتە پەیوەستیەکی بە هێزی بە مەعریفە و چۆنیەتی گەڵاڵەبون و گەشەکردنی مەعریفەوە هەیە. ئەو لەسەر هەمان هێڵی بیرکردنەوەی کانتیانە، دەربارەی پرسی ئیمکانی بونی مەعریفە، بەشێکی گرنگی پرۆژە هزریەکەی گەڵاڵە دەکرد. بە بڕوای کانت زانین شتێك نییە خۆبەخۆ پێمان بگات، مەعریفە هەلومەرجی خۆی هەیە، هەلومەرجی ئیمکانی زانین. ئەو بڕوای بە زانینی پێشوەخت پێدراو هەیە ( هەمان سەرچاوە ١١ )، بە مانایەکی دیکە زانین هەردەم لەکات و شوێنی دیاری کروادا و بە گویرەی شێوە و ناوەڕك دروست دەبێت.

همبۆڵت، ئەم دیدگایە دەگەوازێتەوە بۆ نێو کایەی زمان، پرسی بوونی مەعریفە و زمان پێکەوە گرێ دەدات. ئیدی زمان بۆخۆی هەڵگری ئەم ڕەهەندە مەعریفییە و بەتەنها هۆکاری گەیاندن و ئاڵوگۆڕ نییە. واتە لەڕوانگەی همبۆلتەوە، حەقیقەتی جەوهەری زمان لە پەیوەندیدا بە زانینەوە بریتییە لە وێناکردن، هەرچی پرسی گەیاندن و گوزارشت لێکردنە، لە پرسە دووەمی و لاوەکیەکانە.

ئەوەی کانت لەسەر ئاستی زمانەوانی ئاماژەی پێنەکردبوو، همبۆڵت بەرگێکی دیکەی بەبەردا دەکات و لە چوارچێوەی زانستی زماندا شیوەبەندی دەکات، فەلسەفەی زمان لای همبۆڵت بەگشتی قەرزاری ئەم دیدگایە ڕەخنەییەی لای کانتە(بلبولە، هەمان سەرچاوە،٩٦).

خاڵێکی دیکەی جەوهەری کە ئەرنست کاسیرەر بەوردی لەسەری وەستاوە ئەوەیە کە توخمە پێکهێنەرەکانی فەلسەفەی زمان لای همبۆڵت، توخمگەلێکی کانتیانەن، بە تایبەت لە جەختکردنی ئەودا دەربارەی شیکاری ڕەخنەیی و ڕەخنەکردنی مەعریفە، ئەو بە دوای خاڵێکدا وێڵبوو کە لێیەوە دوانەی خود-بابەت تێپەڕێنێت و لە نێو بۆتەیەکدا و پێکەوە کۆیان بکاتەوە(هەمان سەرچاوە ٩٦). بە بڕوای ئێمە لەم خاڵەدا همبۆڵت کاریگەری گەورەی لەسەر گەشەکردنی هێرمنیوتیکا داناوە.

هەوڵی تێپەڕکردنی دوانەی خود و بابەت کە بیرکردنەوەی زانستی بە تایبەت لە نێو کایەی زانستە سروشتیەکاندا دروستی کرد، و پاشان هاتە نێو کایەی زانستە مرۆڤایەتیەکان، یەکێك بوو لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم گەشەکردنی ئەو زانستانەی کە خۆیان بە دونیای مرۆڤەوە سەرقاڵ کردوە. ئەم پرسە دواتر ڕێبەرانی دیدگای هێرمنیوتیکی لە ڕێگەی بیرۆکەی بازنەی هێرمنیوتیکییەوە ئەم دوانەیەیان تێپەڕاند.

**بازنەی هێرمنیوتیکا :**

بە بڕوای دلتای (ماتیاس فیلاسیۆس) داهینەری بیرۆکەی بازنەی هێرمنیوتیکایە، کە لەڕێگەیەوە هونەری ڕاڤەکردن لە تێگەیشتنی گشتییەوە کە دەقێك هەڵگریەتی بەرەوە تێگەیشتنی بەشەکانی دەقەکە دەڕوات (شوقی الزین، الفینومینولوجیا و فن التأویل، ٣ شباط ٢٠١٩، http://www.aljabriabed.net/n16_07azinl.(2).htm ).

لە خوێندنەوەی هەر دەقێکدا، ئێمە بە ڕستەیەك یاخود پەرەگرافێك دەست پێدەکەین، هەرکامیان بێت، ئەوانە بەشن لە بەرامبەر گشتێکدا کە دەقەکەیە. دەربارەی ئەوەی کە خوێندومانەتەوە بۆچونێك دەربارەی بونیاد دەنێین: " تێگەیشتن بە جێگیری لە گشتەوە دەڕوات بۆ بەش، و لەبەشەوە دێتەوە بۆ گشت " (غادامیر،٤٠٠). واتە ئێمە کە سەرەتا دەست دەدەینە هەر دەقێك، ئەوا بۆچونێکی سەرەتایی دەربارەی ئەو دەقە دروست دەکەین کە دەیخوێنینەوە، پاشان لەگەڵ بەردەوام بوون لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا، ئەوا بۆچونی نوێمان دەربارەی دەقەکە لە لا دروست دەبێت.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاگاداربین : " پێوەری تێگەیشتنی دروست، بریتیە لە هارمۆنی هەموو بەشەکان لەگەڵ گشتدا، گەر بێتو ئەم هارمۆنیە شکست بهێنێت، ئەوا مانای ئەوەیە کە تێگەیشتن شکستی هێناوە"(هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە ). بە مانایەکی دیکە، لەم گەشتەماندا دەربارەی دەق لە نێوان بەش و گشت، هەروەها لە نێوان مانای بەش و مانای دەقدا، دەبێ ڕەچاوی پێداچونەوە بە مانایاندا بکەین کە دەربارەی دەقەکە بونیادمان ناوە، واتە ناکرێت ئەو مانایەی کە دەربارەی شێك دروستی دەکەین ناکۆك و نەگونجاو بێت لەگەڵ ئەو مانایانەی دیکەدا کاتێك لە بەردەوامی خوێندنەوەوەماندا بەسەر دەربڕینی نوێ و بەشی نوێدا دەکەوین.

ئەوەی گرنگە لای بەشێك لە بیرمەندان، بە تایبەت لای شلایەرماخەر، تێگەیشتنی دەق بە تەنها پەیوەست نییە بە پەیوەندی گشت و بەش، ئاستی دەرونی و زمانەوانی، بەڵکو پیشەی یان ناوەڕۆکی هزری گرنگیەکی گەورەی هەیە لە مەیسەرکردنی پرسی تێگەشتندا (عادل،سەرچاوەی پیشوو، ٥٩). واتە بەبێ پێشەکیەك زەحمەتە ئێمە دەربارەی هەر بیرۆکە یان دەقێك یاخود دیدگایەکی فکری، توانای تێگەشیتنمان هەبێت.

لە دواتردا بیرۆکەی بازنەی هێرمنیوتیکا دەچێتە ئاستێکی فراوانتر بە جۆرێك چەند ئاستێکی دیکەی تێگەیشتن بگرێتەوە. بیرۆکەی بازنەی هێرمنیۆتیکا لەم ئاستە فراوانەدا لە داهینراوی فەیلەسوفی ئەلمانی (فریدیرك ئەست)ە، مەبەستی ئەو لەم بیرۆکەیە بریتی بوو لەوەی کە ژیانی تاك لە

ئەڵقەیەکی فراوانتردا بەدیار دەکەوێت کە بریتیە لە شارستانیەت و ژیانی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتەکانی شارستانیەت وەکو ڕەفتار و وێناکردنەکان ( الزین، سەرچاوەی پێشوو،٥٤-٥٥ ). واتە ئەوەی لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت بریتیە لە پەیوەندی گشت و بەش، یان خود-بابەت، ئیدی ئەم تێڕوانینە چی لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگە، یاخود خوێنەر و دەق، یان گشت و بەش بێت، لە دواجاردا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تێگەیشتنی ئێمە هەموو کات لە بەر ڕۆشنایی ئەو پەیوندییەی نێوان گشت و بەشدا فەراهەم دەبێت و هەر تێگەشتنێك پەیوەندی ئەم دوو ئاستە لەبەرچاو نەگرێت، هەڵبەت تێگەیشتنێکە کەموکورتی گەورەی تێدا دەبێت.

ئامێزانی کردنی هەردوو جەمسەری تێگەیشتن لە نێوان خود-بابەت، توێژە و بابەتی توێژینەوە لە دیدگای هێرمنیوتیکیدا، ئاقارێکی تەواو پێچەوانەی لەگەڵ دیدگای پۆزەتیڤیزم لە کۆمەڵناسیدا دەگرێتەبەر. بازنەی هێرمنیوتیکی، جەختی لەسەر پرۆسەی تێگەیشتنە. تێگەیشتنیش لەم تێڕوانینەدا لە پەیوەندییەکی بازنەیی نێوان توێژەر و بابەتی توێتینەوەکەدا بەرجەستە دەبێت و بەشێکی دانەبڕاوە لە دونیای ناوەکی کارەکتەرەکان و ئەمەش شتێك نیە لە دەرەوە و بە پێوانەکردن ڕاڤەیان بکەین. گەرچی ئەم تێڕوانینە لەسەرەتادا وەکو شتێکی نامۆ و نازانستی لە نێو کایەی کۆمەڵناسیدا ئەژمار دەکرا، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا و لەگەڵ گەشە سەندنی زیاتری میتۆدۆلۆجی و دونیابینی تیۆری و میتۆدیدا، وردە وردە هێرمنیوتیکا شوێنی خۆی زیاتر دەگرێت و وەکو یەکێك لە ڕوانگە میتۆدیە باوەڕپێکراوەکان لە توێژینەوە سۆسیۆلۆجیەکاندا ئەژمار دەکرێت.

بە بڕوای ئەنتۆنی گیدنز( Giddens, 1982, 1-2 )، ئەم دان پێدانانە بە هێرمنیوتیکا، لە نێو کایەی کۆمەڵناسی وڵاتە ئینگلیز زمانەکاندا دواتر دەکەوێت، هۆکاری ئەمەش لە سێ خاڵی سەرەکیدا کۆ دەکاتەوە :

١- کاریگەری فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم و وەك چوارچێوەیەکی هزری زانستە مرۆڤایەتیەکان. بەجۆرێك کە چەمکی زانست و دونیابینی زانستی لە دیدگای پۆزەتیڤیزمدا کۆدەکاتەوە.
٢- ئاستی میتۆدۆلۆجی، کاریگەری ڕوانگەی وەزیفی بەتایبەت لە کارەکانی ئۆگست کۆنت و ئەمیل دۆرکایمدا.
٣- وەدیارکەوتنی چەمکگەلی وەك کۆمەڵگەی پیشەسازی و تیۆری بە مۆدێرنکردن. بەجۆرێك کە تیۆریزەکردن بۆ ئەم قۆناغە و دەرکەوتەکانی و ڕاڤەکردنی لەژێر کاریگەری ئەو هەلومەرجەدا بون کە زیاتر لە ژێر کاریگەری دونیابینی لیبرالیزمی سیاسیدا بوون.

**ئەنجام :**

لەگەڵ هێرمنیوتیکادا، گۆڕانکاری گەورەی بەسەر سروشتی پەیوەندی نێوان توێژەر و بابەتی توێژینەوەی لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا هاتووە. چیتر ئەم دوانەیە، دوانەیەکی لەیەکدی دابڕاوین و لە دوتوێی بازنەیەکی هێرمنیۆتیکیدا ئامێزانی یەکدی بوون. گەر سەرنجێك لە ئیشکردنی هێرمنیوتیکابدەین لە کۆمەڵناسیدا، بۆمان دەردەکەویت کە چەنێك جیاوازی گەورەی لەگەڵ کۆمەڵناسی پۆزەتڤیزمدا هەیە. هێرمنیوتیکای سۆسیۆلۆجی لە نێو دونیای بکەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەست پێدەکات، هەوڵی تێگەیشتنی ئەو دونیایە دەدات تێگەیشتنێکی ناوەکی، ئەمەش بەتەنها نابەستێتەوە بە کۆمەڵێك مەیلی سایکۆلۆجی و مەبەستدارێتیەکی خودیی نێو دونیای بکەرە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکو دەیەوێت ڕوانگەیەکی زانستی لەسەر بونیاد بنێت کە بەتەنها نەبەسترابێتەوە بە کۆمەڵێك دەرەنجامی تایبەت بە بکەرێك یاخود چەند بکەرێکی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکو دەیەوێت لە ئاستێکدا مامەڵەی لەگەڵدا بکات کە قابلیەتی ئەوەی تیدابێت وەك پرۆسەی ناساندنی دونیای کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

یەکێك لەو کایانەی کۆمەڵناسی هێرمنیوتیکی گرنگی پێدەدات زمان و ڕۆڵی زمانە لە نێو دونیای مرۆڤەکان، چی دونیای تایبەتی ئەوان بێت یاخود جیهانی کۆمەڵایەتی. ئەوەی مرۆڤەکان لە زۆر کاتدا بەدەستی دەهێنن بەرەنجامی بەگەڕخستن و کارکردنی زمانە لە نیو دونیای تایبەتی ئەواندا، نەك هێزێکی دیکە لەدەرەوەی ئەوان. گەرچی دیدگای هێرمنیوتیکی هەموو دەرکەوتەکانی زمان بەتەنها نابەستێتەوە بە دونیای تایبەتی بکەرە کۆمەڵایەتەیکان و ئاگادری ئەو ڕێسایانەیە کە لە دەرەوەی بکەرەکان جڵەوی بەگەڕخستنی زمان و بیرکردنەوە دەکەن، بەڵام لە هەموو کاتێکدا، گرنگیدانی ئەوان بە زمان زیاتر گەڕانەوەیە بۆ نێو دونیای مرۆڤەکان نەوەك شتێکی دیکە لەدەرەوەی ئەوان. لەم دیدگایەدا، جیاوازی نێو دونیای بکەرەکان دەگەڕێنرێتەوە بۆ جیاوازی تێگەیشتنی هەریەکەیان لەو دونیای لە دەرەوە ئامادەگی هەیە، لەم نێوکۆییەشدا، زمان ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت.

تەواو جیاواز لەو تێگەیشتنەی سەرەوە، کۆمەڵناسی پۆزەتیڤیزم لە نێو دونیای دەرەوەی بکەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەست پێدەکات، ئەو ئاستە لە بیرکردنەوەی ( ئەمیل دۆرکایم ) بە لە پێشدانانی واقیعی کۆمەڵایەتی کە لە دەروەی دونیای بکەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، و ڕۆڵی ئاڕاستەکەر و ناچارکەری مرۆڤەکانی هەیە، تەواو بە پێچەوانەی ئەو ڕوانگەیەی سەروە ئەنجامگیریەکانی خۆی لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنێت. لە دیدگای پۆزەتیڤیزمدا، ئەپستمۆلۆجیای زانستە سروشتیەکان مۆدیلی باڵای زانستە و هەر کایەیەك بۆ ئەوەی زانست بێت، دەبێت بە شوێن ئەو ڕێچکەیەدا بڕوات کە لەنێو ئەو زانستانەدا بونیادنراوە. تەواو پێچەوانەی ئەو دیدگایەی سەرەوە، هێرمنیوتیکا مۆدێلی زانستە سروشتەیکان بە تەنها مۆدیلی زانست ئەژمار ناکات و بە ئاڕاستەیەکی جیاوازدا هەوڵی تێگەیشتنی دونیای بکەرە کۆمەڵایەتیەکان دەدات. تێگەیشتنێك کە لەڕێگەی ئامار و پێوانەکردنەوە مەیسەر نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی پەیبردن بە دونیای ناوەکی مرۆڤەکانەوە.

سەرچاوە کوردیەکان :

١- محمد کەمال، ئۆنتۆلۆجیای بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، چاپی چوارەم، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٩.

٢- محمد کەمال، فەلسەفەی کانت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠١٧.

سەرچاوەی عەرەبیەکان :

١- أ.ا.نيهاردت، الالهة و الابطال في اليونان القديمة، الطبعة الاولى، الاهالي للطبع و النشر، دمشق، ١٩٩٤.

٢- اسماعيل عبدالعزيز، فلسفة العلوم الاجتماعية، كلية الاداب، القاهرة، بدون سنة الطبع.

٣- اسماعيل عبدالعزيز، فلسفة العلوم الاجتماعية،كلية الاداب،جامعة القاهرة،بدون سنة الطبع.

٤- ب.ريكمان، منهج جديد للدراسات الانسانية، ترجمة: علي عبد المعطي و محمد علي محمد، الطبعة الاولى، مكتبة مكاوي، بيروت، ١٩٧٩.

٥- جميل صليبا، المعجم الفلسفي، الجزء الثاني، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٢.

٦- ريمون ارون، فلسفة تاريخ النقدية، ترجمة: حافظ الجمالي، منشورات وزاره الثقافة، دمشق، ١٩٩٩.

٧- سليفان اورو،جاك ديشان و جمال كولوغي، فلسفة اللغة، ترجمة: بسام بركة، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠١٢.

٨- صلاح قنصوه، الموضوعية في العلوم الانسانية،دار التوير، بيروت، ٢٠٠٧

٩- صلاح قنصوه،فلسفة العلم،دار الثقافة للطباعة و النشر،القاهرة،١٩٨١.

١٠- عادل مصطفى، فهم الفهم ، مؤسسة الهنداوى، المملكة المتحدة، ٢٠١٧.

١١- عبد الرحمن البدوي، امانويل كنت، الطبعة الاولى، وكالة المطبوعات، الكويت، ١٩٧٧.

١٢- علا مصطفى انور،التفسير في العلوم الاجتماعية،دار الثقافة للنشر و التوزيع، القاهرة،١٩٨٨

١٣- عمارة ناصر، اللغة و التاويل، منشورات الاختلاف، بيروت،٢٠٠٧.

١٤- محمد شوقي الزين، الازاحة و الاحتمال، دار العربية للعلوم، الجزائر، ٢٠٠٨.

١٥- محمد على رضائى،مناهج التفسير و اتجاهاته، ،ترجمه قاسم بيضائى،مركز الحضاره لتنمية الفكر الاسلامى، ٢٠١٨.

١٦- محي الدين محسب، اللغة و الفكر و العالم، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٩٨.

١٧- مشير باسل عون،الفسارة الفلسفية،الطبعة الاولى،دار المشرق، لبان،٢٠٠٤.

١٨- مصطفى بلبولة، اللغة و الامة، اطروحة دكتوراه، جامعة وهران الجزائر، ٢٠١٣.

١٩- نبية قاره، الفلسفة و التأويل،الطبعة الاولى،دار الطليعة،بيروت،١٩٩٨.

٢٠- نصر حامد ابو زيد،اشكاليات القراءة و اليات التاويل، المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى،بيروت،٢٠١٤ .

٢١- نيقولا تيماشيف، نظرية علم الاجتماع طبيعتها و تطورها، ترجمة: عاطف غيث و اخرون، الطبعة الخامسة، دار المعارف القاهرة،١٩٧٨.

٢٢- هانز غيورغ غادامير، الحقيقة و المنهج، ترجمة: حسن ناظم و علي حاكم صالح، الطبعة الاولى، دار اويا للطباعة و النشر، الرباط، ٢٠٠٧.

٢٣- هانز غيورغ غادامير، فلسفة التأويل، ترجمة:محمد شوقي الزين، الطبعة الثانية، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٦.

٢٤- يورجن هابرماس، المعرفة و الصلحة، ترجمة: حسن صقر، الطبعة الاولى، المشروع القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٢.

سەرچاوەی ئینگلیزی:

1- Anthony Giddens, profiles and Critiques in Social Theory, University of California press, 1982.

2- Wilhelm Dilthey, Hermeneutics and the Study of History, prinseton press, United Kingdom, 1996

3- Zygmunt Bauman, Hermeneutics and Social Science, The Anchor Press, 1987.

سەرچاوەی ئینتەرنێت :

١-إيمانويل كنط ،إجابة عن السؤال: ماهو التنوير؟ ترجمة عن الألمانية : إسماعيل المصدق، منشور على شبكة الانترنت:

https://www.aljabriabed.net/n04_13mousadak_tanwir.htm

٢-محمد شوقي الزين، الفينومينولوجيا و فن التأويل:

http://www.aljabriabed.net/n16_07azinl.(2).htm

٤- John Stuart Mill, A System Of Logic :

www.gutenberg.org/license